کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 16:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئازیزم دکتۆر سەباح. ! لە سوێدا تەنیا یەک زمانی ستاندارد هەیە، نەک دوو. ! ... موحسین جوامێر

لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 2007/05/27 و لە ژێر ناوی: " پایتەخت.. کۆنگرەی دووەمی زمان و



هەوڵدان بە ئاراستەی زمانی یەکگرتووی خوێندن " دا، ڕۆژنامەی هێژای خەبات ڕاپۆرتێکی بە قەڵەمی کاک هاوار ئەحمەد بڵاو کردووەتەوە، تێیدا تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی کۆنفرانسی دووەمی زمان کە لە بیستی مانگی نیساندا ساز درا، لەوێدا زمانی یەکگرتووی کوردی بەشێک بوو لە چالاکییەکان و گفتوگۆی لەسەر کرا.

لە برگەی " ئاساییە دوو زمان یاخود دوو زاری فەرمی هەبێت " بەڕێز دکتۆر سەباح دەفەرمێ " ئاساییە ئەگەر هاتوو زمانەکە، بۆ نموونە لە ناوچەی بادیناندا، بادینی زاری فەرمی بێت.. لێرەیش سۆرانی، زارەفەرمییەکەی بێت.. لە سوێدا حاڵەتی وا هەیە، باشووری بە زارێک دەدوێت و باکووریش بە زارێک.. دەکرێ بەو شێوەیە بمێنێتەوە، زۆر شتێکی ئاساییە ".

ئەو وتەیەی مامۆستا سەباح، بەوەی گوایا لە سوێدا دوو زاری ڕەسمی هەن، یەکێک لە باکوور و ئەویدیکەیش لە باشوور، هەڵەیە چ لە نزیک یان لە دوور.. هەروەک لە چەند وتارێکدا ڕوونم کردووەتەوە، لە سوێدا ـ هەر لە باکوور هەتا باشوور ـ چەندین شێوەزاری مەزن و دەیانی بچکۆلە هەن، کەم تا زۆرێکیش ـ لە دەنگ و ڕەنگ و لە ڕووی ڕێزمانییەوە ـ لێک جیاوازن تەبعەن.. هەر بۆنموونە شێوەزاری دەڤەری سکۆنە لە باشووردا، زۆر جیاوازە لە دەستەخوشکەکانی دیکە و ڕەنگبێ ماوەیەکی بوێت تا خەڵکی دەرەوەی ئەم دەڤەرە لێی ڕابێن.. وەلێ ـ خۆشی بێ و ترشی بێت ـ سەرلەبەری سوێد بە یەک زمانی ستانداردی سوێدی دەدوێن کە تێکەڵ بووە بە گۆشت و خوێن و لایان شیرینترە لە پاقلاوە و هەنگوێن. !

ترسێ دەکەم مامۆستا سەباح، زانیارییەکانی لێ تێکەڵ بووبێت، وای زانیبێت ئەو قەومەی لە شیمالی ئەو وڵاتەدا (لاپلاند) دەژین و ناویان (لاپ یان سام) ە و ڕاوی مامزەکێوی دەکەن و ئاگران لە چادران هەڵدەکەن، زمانەکەیان سوێدی بێت.. نەخێر، ئەو قەومە قەومێکی سەربەخۆن، بێجگە لە سوێد لە نەرویج و فینلەندا و ڕووسیایش هەن و لەو ناوەدا دێن و دەڕۆن.. زمانیشیان، خزمایەتیی لەگەڵ زمانی فینلەندیدا هەیە و بەهیچ شێوەیەک ئاشنایەتیی لەگەڵ زمانی سوێدیدا نیە، نزیکیشیان لەیەکتر وەک نزیکیی کوردییە لە عەرەبی.

ئەوەی کەمێک زماناس بێ، دەزانێت کە هەر لەهجەیەک ـ خۆی لە خۆیدا ـ زمانێکە، بەڵام هەستی ئینتیما بۆ یەک نەتەوە لە گەڵ هۆکاری دیکەدا، وا دەکەن یەک لە لەهجەکان ببێتە دایک، ئەوانیدیکەیش ببن بە ڕۆڵەی دلسۆز و پشتیوانی بە هێز و دوور لە قین و ڕک.. لە هەموو دنیادا، بانگەوازی " خوێندن بە زمانی دایک "، ئەوە ناگەیەنێ هەر منداڵێک بە زمانی ئەو ناوچەیە بخوێنێ کە تێیدا دەژیت، بەڵکوو بەو زمانەڕەسمییەی بە شێوەیەکی سروشتی هاتووەتە کایەوە و قەدەر هەڵیبژاردووە و مێژوو ئیمزای کردووە.. ئەمەیش حاڵەتێکە لە سەرجەمی دنیادا پیادە دەکرێت، نە عەیبە بۆ شێوەزارەکانی دیکە و نە کرێت.. بۆی هەیە ئەو زمانە لە زمانی دایکان نزیک بێت، وەک فارسی و سوێدی.. بۆیشی هەیە دوور بێت، وەک عەرەبی.. بۆیشی هەیە هەم نزیک و هەم دوور بێت، وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە خەریکی نووسینی ئەم بابەتە بووم، خویندمەوە کە م. حوسێن نووری شێخ محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا نموونەی ئینگلتەرەی هێناوەتەوە کە لەوێشدا لەپاڵ ئینگلیزیی ستانداردا، خوێندن بە لەهجەی ناوچەکانە.. ومن الجهل ما قتل، ئاخر کەی شتی ئاوا ـ بە تایبەتی ـ لە بەریتانیای عوزمادا هەیە. ! ئەوەی لە قوتابخانەی سەرلەبەری دنیادا هەیە ـ هەتا لە سۆماڵی هەزار تیرە و قەبیلەدا ـ ئەوەیە لەتەک زمانی ستانداردا، بۆی هەیە وانەکان بە شێوەی دەڤەر و ناوچەکان شەرح و ڕوون بکرێنەوە، نەک خوێندنی شێوەزاران و لەتکردنی وڵات بۆ چەند نەتەوە و کەمینەی نێو گوند و شاران. ! هەروەک هەندێک کوردگەل خەریکن زمانەکەمان دەکەن بە جگی سواو، چ لە ناوەوە یان لە هەندەران.

پەنابردن بۆ ناو و عینوانی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی شووڕای جیهان لە بارەی زمان، ئەگەر هەر بوارێکی ژیان بگرێتەوە، ئەوا بواری زمانی ستاندارد ناگرێتەوە، چونکە (وقچی الّمر) و خۆی سەرداره و تازە گلۆر نابێتەوە.. بەڵگەشمان زمانە زیندووەکانی دنیایە، کە هیوامانە کوردییش یەک لەوان بێت و نەبێت بە بەلاگێڕی قسەی خێرا و زانیاریی نادروست و خۆفریودان بەوەی ئەگەرکورد ببن بە شعوب و قەبائیل، ئەوا " شتێکی زۆر ئاساییە " و بۆ پەزی خراپ نییە، هەروەک مامۆستا سەباح لەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەدا فەرموویەتی و وا دەزانێت ڕاستە و هەڵەی تێدا نییە. !

31/05/2007

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.